# ئەذكاری بەیانیان و ئێواران

[ بە كوردی ]

## أذكار الصباح والمساء

[ بـالـلـغـة الـكـورديـة ]

**ئامادەكردنی** : پشتیوان سابیر عەزیز

المـؤلـف : بـشـتـيـوان صـابـر عـزيـز

پێداچونەوەی: كەمال مەحەمەد ئەبو بەكر

المراجعة: كمال محمد أبو بكر

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی رەوەندەكان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# ئەذكاری بەیانیان و ئێواران

## پێشەکی

الحمد لله، اللّهمّ ربّنا لكَ الحمدُ بما خلقتَنا، ورزَقتَنا، وهَديتَنا، وأنقَذتنا، وفرّجت عنّا، ولكَ الحمدُ بالقرآن، ولك الحمدُ بالأهلِ والمالِ والمعافاة، كبَتَّ عدوَّنا،وبَسطتَ رزقَنا، وأظهَرتَ أمنَنا، لك الحمدُ حتّى ترضى، ولك الحمدُ إذا رضيت، وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلّم، أما بعد:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٢٠٥ ﴾ الأعراف: ٢٠٥

واتە: لە دڵ و دەروونت دا زیکری پەروەردگارت بکە بە پاڕانەوەو ترس و بیمەوە بەبێ ئەوەی دەنگ بەرزبکەیتەوە لە بەرەبەیانی و دەماو دەمی ئێوارانداو، وە لە بێ ئاگایان مەبە[١].

شارەزایانی زمان دەڵێن:" الاصال " کۆیی ( أصيل ) ە، وە بەو کاتە دەوترێت کە لەپاش نوێژی عەسرەوە تاوەکو نوێژی شێوان(مغرب )[٢].

(١) پوختەی تەفسیری قورئان، محمد ملا صالح ، ل: 176.

(٢) بڕوانە: ( الصحاح ) للجوهري ( أ ص ل ) هەروەها ( مختار الصحاح ) للرازي ( أ ص ل ).

وه خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ غُرُوبِهَاۖ وَمِنۡ ءَانَآيِٕ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡ وَأَطۡرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرۡضَىٰ ﴾ طه: ١٣٠

واتە: تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگارت بکە، پێش هەڵهاتنی خۆرو پێش ئاوابونی[٣].

وه خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ﴿٥٥﴾ ﴾ غافر: ٥٥

واتە: تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگارت بکە بە ئێواران و بەیانیاندا ، چونکە ئەو دوو کاتە باشترین کاتن بو زیکری خوا [٤] .

خۆشەویستان ئیستاش فەرموون لەگەڵ زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران:

1. هەرکەسێک بەیانیان ( آية الكرسي ) بخوێنێت لە جنوکە دەپارێزرێ هەتا ئیوارەی لێ دەبێتەوە، هەرکەس ئێوارە بیخوێنێ دەپارێزرێ لێ یان تا بەیانی[٥] .

(٣) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، بورهان محمد أمین، ل: **321**.

(٤) تەفسیری تیسیر الكريم الرحمن، عبد الرحمن بن ناصر السعدي، ل: **740**.

(٥) أخرجه الحاكم 1/ 562 وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب 273/1 . وعزاه إلى النسائي والطبراني وقال: اسناد الطبراني جيد.

2. له عبد الله كوڕى خوبەيبەوە فەرمووى: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووى:بڵێ ، وتم: ئەى پێغەمبەرى خوا چى بڵێم ؟ فەرمووى : ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ الإخلاص: ١ و ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴾ الفلق: ١ و ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾ الناس: ١ بخوێنە ئێواران و بەيانيان سێ جار بەستە و لەهەموو شتێک دەپارێزرێيت[٦] .

3. بەيانيان بڵێ: (( أصبحنا وأصبح الملك لله [٧]. والحمد لله لا إله إلا الله وحده لا شريك له. لهُ الملك ولهُ الحمدُ وهو على كلّ شيء قدير. ربّ أسألك خير ما في هذا اليوم وخير ما بعده [٨] . وأعوذ بك من شرّ ما في هذا اليوم وشرِّ ما بعده . ربِّ أعوذ بك من الكسل وسوء الكِبَر . ربِّ أعوذ بك من عذاب النار وعذاب في القبر )) [٩] .

واتە: بەيانيمان بەسەرداهات و موڵک بەيانى بەسەرداهات بۆ خوا وەستايش بۆ خوايە و هيچ پەرستراوێک نى يە بەهەق جگە لە ( الله ) تەنهايەو هاوبەشى نى يە.موڵک و سوپاس بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێكدا بەتوانايە. پەروەردگار داواى خێرى ئەمڕۆ و خێرى دواى ئەمڕۆت لێ دەكەم و پەنات پێ ئەگرم لە خراپەى ئەوەى لەم ڕۆژدايەو لەدواى ئەمڕۆدايە.پەروەدگار پەنات پێ ئەگرم لە تەمبەڵى و خراپەى

---

(٦) أخرجه أبو داود 322/4 والترمذي 5/ 567، وانظر صحيح الترمذي 3/ 182. وهو حديث حسن.

(٧) وە ئێواران بڵێ: (( أمسينا وأمسى المُلك لله ... )).

(٨) وە ئێواران بڵێ: (( ربّ أسألك خير ما في هذه الليلة وخير ما بعدها ، وأعوذ بك من شر ما في هذه الليلة وشر ما بعدها ... )).

(٩) مسلم 4/ 2088.

تەمەن پیری. پەروەردگار پەنات پێ ئەگرم لە سزایەک لە ئاگری دۆزەخ و سزایێک لە گۆڕدا توشم ببێت)) .

4. (( اللهم بكَ أصبحنا. وبكَ نَحيا. وبكَ نموت وإليكَ النُّشور))[١٠].

واتە: خوایە بەناوی تۆوە بەیانیمان بەسەردا هاتو ئێوارەمان بەسەردا هاتوو بەناوی تۆوە دەژێمو دەمرم و زیندووبونوە بۆ لای تۆیە.

5. (( اللهم أنت ربّي لا إله إلا أنت خلَقتَني وأنا عبدُك، وأنا على عهدكَ ووعدِكَ ما استطعتُ. أعوذ بك من شرِّ ما صنعتُ. أبَوُ لكَ بنعمتِك عليَّ وأبؤُ بذنبي. فاغفر لي فإنّه لا يغفر الذنوب إلاّ أنت ))[١١].

واتە:خوایە تۆ پەروردگارمی هیچ پەرستراوێک نی یە بەهەق جگە لە تۆ. بەدیت هێناوم و من بەندەی تۆم و من لەسەر پەیمان و بەڵێنەکەمم بە تۆم داوە تابتوانم . پەنات پێ دەگرم لەخراپەی ئەوەی دروستت کردووە. دان ئەنێم بە نیعمەتەکانتدا لەسەرم و دان ئەنێم بەگوناهەکانم دا. لێم خۆشبە بەراستی کەس لەگوناه خۆش نابێ جگە لەتۆ.

(١٠) الترمذي 5/ 466 وانظر صحيح الترمذي 3/ 142 .

(١١) هەرکەسێ ئێوارە بەیەقینەوە پێی بیڵێ و بمرێ دەچێتە بەهەشتەوە. وە هەرکەسێ بەیانی بیڵێ بەیەقینەوە و ئەو ڕۆژە بمرێ دەچێتە بەهەشتەوە/ أخرجه البخاري 7/ 150.

6. (( اللهمَّ عافِني في بَدني. اللهمَّ عافِني في سمعي. اللهمَّ عافِني في بصري. لا إله إلا أنت. اللهمَّ إنّي أعوذ بك من عذاب القبر لا إله إلا أنت )) [١٢] .

بەیانیان و ئێواران سێ جار .

واتە: خوایە لەش و بیستن و بینیم پارێزراو بکە، هیچ پەرستراوێک نی یە بەهەق جگە لەتۆ. خوایە پەنات پێ ئەگرم لە بێ باوەڕی و هەژاری و پەنات پێ ئەگرم لە سزای گۆڕ، هیچ بەستراوێک نی یە بەهەق جگە لەتۆ.

7. (( اللهمَّ إني أسألك العَفو والعافية في الدنيا والآخرة. اللهمَّ إنّي أسألك العفو والعافية في ديني، ودنياي وأهلي، ومالي. اللهمَّ استر عوراتي. وآمن روعاتي. اللهمَّ احفظني من بين يديَّ ومن خلفي، وعن يميني وعن شمالي، ومن فوقي، وأعوذ بعظمتك أن أغتال من تحتي)) [١٣] بەیانیان و ئێواران.

واتە: خوایە من داوای لێ خۆش بوون و پاریزراویت لێ دەکەم لە دونیاو دوارۆژدا. خوایە داوای لێ بوردنت لێ دەکەم لەدین و دنیاو کەس و کارو ماڵ و سەروەتم دا. خوایە عەیبم داپوشە و ترس و دڵە ڕاوکێ و وەرست بوونم مەهێڵە. خوایە بمپارێزە لە بەردەممەوەو لە دوامەوە و لە راست و چەپم و سەرەوەم. وە پەنائەگرم بە بە گەورەیی تۆ کە لە ژێرەوە سزا بدرێم .

(١٢) رواه أحمد ( 42/5) وأبو داود ( 324/4)، وحسنه سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز ــ رحمه الله تعالى ــ في تحفة الأخيار( ص 26 ).

(١٣) رواه أبو داود وابن ماجه وصححه ووافقه الذهبي.

8. (( اللهم عالِم الغيبِ والشهادَةِ. فاطر السَّموات والأرض ربَّ كلّ شيءٍ ومَليكَهُ. أشهدُ أن لا إله إلا أنت. أعوذ بك من شر نفسي. ومن شر الشيطان وشِرِكِهِ. وأن أقترف على نفسي سوءاً أجُرَّه إلى مسلم ))[١٤] بەیانیان و ئێواران .

واتە: خوایە زانای غەیب و ئاشکرایی. بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، پەروەردگارو پادشای هەموو شتێک. شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێک نی یە بەهەق جگە لە تۆ. پەنائەگرم پێت لە خراپەی نەفسم ولە شەڕو هاوبەشی شەیتان. وەلەوەی کە نەفسم تووشی خراپەیەک بکەم یان بیئاڵێنم لە موسڵمانێکەوە.

9. (( بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم ))[١٥] بەیانیان و ئێواران سێ جار .

واتە: بەناوی ئەوخوایەی لەگەڵ ناوی ئەودا هیچ شتێک زیان ناگەیەنێ نە لە زەوی و نە لە ئاسمان دا و ئەوخوایە بیسەرو زانایە.

10. بەیانیان یەک جار بڵێ (( رضيتُ بالله ربّاً . وبالإسلام ديناً . وبمحمّد ﷺ نبيّا ))[١٦] .

---

(١٤) الترمذي وأبو داود وانظر صحيح الترمذي 3/ 142 .

(١٥) هەر کەسێ بەیانیان سێ جار و ئێواران سێ جار بیڵێ هیچ شتێک زیانی پێ ناگەیەنێ . أخرجه الترمذي 5/ 465 وأبو داود 4/ 323 .

(١٦) هەر کەسێ بەیانیانی هەموو رۆژێک بڵێ ... ( فەرمودەکە ) ... من کەفیل و گرتنی دەدەمێ کەدەستی بگرم تا دەیبەمە بەهەشتەوە ) أورده المنذري في الترغيب 1/ 229 وقال: رواه الطبراني بإسنادٍ حَسَن. انظر سلسلة الصحيحة مجلد ( 6 ) رقم ( 2686 ) .

واتە: ڕازیم کە ( الله ) پەروەردگارم بێ و ئیسلام دین و بەرنامەم بێت و موحەمەدیش ﷺ کە پێغەمبەرم بێت.

11. (( يا حي يا قيوم برحمَتِكَ أستَغيث. أصلح لي شأني كلَّهُ. ولا تكِلني إلى نفسي طَرفَة عَين ))[١٧] ، بەیانیان و ئێواران.

واتە: ئەی زیندوو هەڵسوڕێنەری بوونەوەر بەبەزیت داوای فریاکەوتنت لێ دەکەم. هەموو کاروبارم چاک بکەو بۆ چاو لێک نانێک مەمدەرە دەستی نەفسی خۆم.

12. (( أصبحنا على فطرة الإسلام[١٨] ،وعلى كلمة الإخلاص، وعلى دين نبينا محمد ﷺ، وعلى ملّةِ أبينا إبراهيم حنيفاً مسلماً وما كان من المشركين ))[١٩] .

واتە: بەیانیمان بەسەرداهات لەسەر فیترەتی ئیسلام و وشەوی دڵسۆزی و دین ی پێغەمبەرمان محمد ﷺ و لەسەر میللەتی باوکمان ئیبراهیم ﷷ کە پاک و موسڵمان بووەو لە هاوبش دانەران نەبووە .

13. (( سُبحان الله وبحمده ))[٢٠] سەد جار .

واتە: پاکی و بێ گەردی و سوپاس بۆخوایە.

---

(١٧)رواه النسائي والبزار والحاكم وصححه ووافقه الذهبي 545/1 ، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب 1/ 273 .

(١٨) ئێواران بلێ: (( أمسينا على فطرة الإسلام ... )) .

(١٩)رواه أحمد 406/3 ، 407، وانظر الجامع الصغير 209/4 رقم ( 4674) للعلامة الألباني .

(٢٠) هەرکەسێ بەیانیان سەد جار و ئێواران سەد جار بیلێ لەرۆژێکدا کەس لە رۆژی دوایی دا بەکردەوەی لەم باشترەوە نایەت مەگەر وەک ئەمی وتبێ یان زیکری تری زیاتری وتبێ ( مسلم 4/ 2071 ) .

14. (( لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، لَهُ المُلكُ ولهُ الحمدُ، وهو على كلّ شيءٍ قدير )) ( ده ) جار[٢١] . يان ( يەک ) جار لە کاتی بێ توانایی دا[٢٢] . يان ( سەد ) جار بیلێ لەکاتی بەیانیان دا[٢٣] .

واتە: هیچ پەرستراوێک نی یە بەهەق جگە لە ( الله ) تاکی بێ هاوبەشە موڵک و سوپاس هەر بۆئەوەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە.

15. (( سُبحان الله وبحمدهِ: عدد خلقهِ، ورِضا نفسهِ، وزِنةَ عرشهِ، ومِداد كلماتهِ )) ( تەنها بەیانیان سێ جار )[٢٤] .

واتە: پاکی و بێ گەردی و سوپاس بۆخوا: بەئەندازەی ژمارەی دروستکراوەکانی و ڕەزای خۆی و قورسایی عەرشەکەی و زۆرو درێژی ووشەکانی.

---

(٢١) النسائي في عمل اليوم والليلة برقم 24 وانظر : صحيح الترغيب والترهيب 272/1، وتحفة الأخيار لابن باز ص 44.
(٢٢) أبو داود 319/4 وابن ماجه وأحمد 60/4. وانظر: صحيح الترغيب والترهيب 1/ 270.
(٢٣) ( هەر کەسێک لەڕۆژێک دا سەد جار بیلێ بەئەندازەی ڕزگار کردنی دەکۆیلە پاداشتی بۆ دەنوسرێت و سەد چاکەی بۆ دەنوسرێ و سەد گوناهی لێ دەبێتەوەو پارێزراو دەبێت اە شەیتتان تا ئێوارەی لێ دەبێتەوەو ( لە ڕۆژی دوایی دا ) کەس بە پاداشتی لەم زۆرترەوە نایەت مەگەر کەسێک زیکری تری لەم زیاتر وتبێ) البخاري 95/4 ومسلم 2071/4 .
(٢٤) رواه مسلم 2090/4 .

16. (( أعوذ بكلمات الله التامات من شرِّ ما خَلَق )) سێ جار تەنها ئێواران[٢٥] .

واتە: پەنا ئەگرم بە ووشە تەواوەکانی خوا لە خراپەی دروست کراوەکانی .

17. عن أبي الدرداء ﷺ قال : قال رسول الله ﷺ: (( من صلّى عليَّ حين يُصبحُ وحين يُمسي عشراً أدركتهُ شفاعتي يوم القيامة ))[٢٦] .

واتە: لە ئەبو الدردائەوە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێک کاتێ بەیانی بەسەردا دێت ( دە جار ) و کاتێک ئێوارەی بەسەرداديێت ( دە جار ) سەڵاواتم لەسەر بدات شەفاعەتی منی بەردەکەوێ لە ڕۆژی دوایی دا.

والحمد لله رب العالمين

---

(٢٥) هەرکەسێ ئێواران ( سێ جار ) بیڵێ ئەوا ئەو شەوە پێوەدان زیانی پێ ناگەینێ . أخرجه أحمد 2/290 والنسائي في عمل اليوم والليلة برقم ( 590 ) وتحفة الأخيار ص ( 45 ) .

(٢٦) أخرجه الطبراني بإسنادين أحدهما جيد، انظر : مجمع الزوائد 10/120. وصحيح الترغيب والترهيب 1/ 273 .